# کچە شیعرێك

عەباس سالّح عەبدوللا

لە بەهارا گوڵ دەپشکۆێ

کەچی گیانە بەم خەزانە

لەنێودڵمابویتەباخچەی

نێرگزو گوڵ و ڕیحانە

*

چاوەکانت دوو نێرگزن

کەجارجارێ لێم ئەڕوانی

شەختەی ئەم دڵە پڕ سوێ یەم

دەکەیتەوە بەئاسانی

*

خۆت پەپولەو هەرخۆت گوڵی

وەرە گوڵم

هەڵنیشە سەر پەڕەی دڵم

بۆ گوڵ نەبیت.. ! !

بەو نێرگزانەت سوێند دەخۆم

هێندە جوانی، هێندە جوانی

جورئەت ئەکەم ئەگەر بڵێم

دەڵێی شا شیعری (گۆران) ی

*